# خوای گەورە هیچ کردەوەیەك قبوڵ ناكات مەگەر ئەوە نەبێت كە بە دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراوە، ومەبەستی لێی ڕووی خودا بێت

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت-دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئایا چی دەڵێیت سەبارەت بە پیاوێك جیهاد دەكات دەیەوێت پاداشت وناوبانگی دەستبكەوێت؟ چی بۆ هەیە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێكی بۆ نییە»، سێ جار دووبارەی كردەوە، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەر دەیفەرموو: «هیچ شتێكی بۆ نییە»، پاشان فەرمووی: «خوای گەورە هیچ كردەوەیەك قبوڵ ناكات مەگەر ئەوە نەبێت كە بە دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراوە، ومەبەستی لێی ڕووی خودا بێت».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە]

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆئەوەی پرسیاری لێبكات وداوای فەتوا بكات سەبارەت بە حوكمی پیاوێك دەردەچێت بۆ جیهاد كردن مەبەستی پاداشتی الله یە وهەروەها مەبەستیشی ئەوەیە خەڵكی وەسف وستایشی بكەن، ئایا ئەم كەسە پاداشتی دەستدەكەوێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی: هیچ پاداشتێكی دەستناكەوێت؛ چونكە لە نیەتیدا جگە لە خودای كردووەتە هاوبەش، پیاوەكە سێ جار هەمان پرسیاری لێكرد، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- جەختی لەسەر هەمان وەڵام دەكردەوە؛ بەوەی هیچ پاداشتێكی دەستناكەوێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بنچینەیەكی پێی ووت سەبارەت بە قبوڵ بوونی كردەوە لەلای خوای گەورە: ئەمیش بریتیە لەوەی خوای گەورە هیچ كردەوەیەك قبوڵ ناكات مەگەر ئەوە نەبێت كە بە تەواوی بۆ ئەو ئەنجامدراوە بەبێ ئەوەی هیچ هاوبەشێكی بڕیاردا بێت، ودەبێت مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت -سبحانه وتعالى- لەم كردەوەیەدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee